# جیاوازیەکانمان سیاسیە ،نەك موازین شکاندن!!!!

سەرهەڵدانی ئیختلافاتی سیاسی لە ناو حزبی کۆمۆنستی کریکاری ئێران و لە سەر بەحسە ڕاست ڕەوەکانی کۆرشی مدرسی و کە سەرنجام ئەو حزبەی گەیاندە ئینشقاق، سایەی کردە سەر حککع و بەتایبەت دوای بەیانی مەکتەب سیاسی کە پشتیونی تەواوی لە بالی کۆرشی مدرسی کرد و لە بەرامبەردا خەتیکی سیاسی موخالف بۆ مەکەتەب سیاسی کە پیك هاتبوو لە سەفیك کادری سەرەکی حزب بیانی هەلویستی خۆیان کرد لە ژیر ناو نیشانی "هەلویستیکی تر لە سەر جیابوونەوە".کە ئێمە سێ کادری ئەو خەتە و بووچوونە جیاوازە نمایندە دەکەین.

بۆ بردنە پیشەوەی جیاوازیەکانمان ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەستمان برد بۆ تەشکیلدانی فراکسیون کە مناسبترین ئەلگۆی بردنە پیشەوەی ئیختلافە سیاسیەکان و لە هەمان کاتدا پاراستنی یەکپارچەیی حزبی تەزمین دەکرد .

بەڵام رابەرایەتی هەر لەسەرەتاوە لە جیاتی خولقاندنی فزای سالمی سیاسی بە بردنە پیشەوەی ئاگایی و بلاو کردنەوەی بەحسە سیاسیەکان و هەموو توانایی خۆی خستە گەر تا خروقاتی تەشکیلاتی لەسەر ئەندامانی فراکسیون کۆبکاتەوە بە حەق یا بە ناحەق فۆکەسی خستە سەر پرانسیپی حزبی و بە هەموو شیوەیەك خۆی پاراست لە تەرح کردنی بەحسی سیاسی. بۆ ئەم کارە چەندان خالی گرتە دەستەوە کە بە حسابی خۆیان موازین شکاندن ، لە بەرامبەر بەشیك لە کادرە سەرکیەکانی فراکسیۆندا تا بە عەمەلی ریگە بگریت لە شکلْ گرتنی فراکسیون بۆ بردنە پیشەوەی جیاوازیە سیاسیەکان.بۆ ئەم کارە بە ناوی پێشیل کردنی مەوازینی حزبیەوە دەستی برد بۆ لیسەندنەوەی مافی ئەندامەتی لە ئێمە .

ئێمە بەتووندی سەرکوتی موخالفینی سیاسی لەژیر ناوی پیشێل کاری موازینی حزبیدا لەهەر حزبیکی سیاسیدا مەحکوم دەکەین و رایدەگەیەنین کە رەهبەرایتی حککع بەم بریارەی میژوویەکی لە سەرکوتی موخالفینی سیاسی خۆیدا تۆمار کرد .

کە لیرەدا بە پیویستی دەزانین روونکردنەوەیەك لە سەر ئدیعاکانی رابەرایەتی حککع بدەین :

1. ئیمە لە چی کۆنگرەیەك بەشداربووین!!

ئیمە چوینە کۆنگرەی حزبیك، کە حککع لە ژیر هەژموونی منسوری حکمت و ئەم حزبەدا درووست بوو, تا ئەمرۆش بەرنامە و سیاسەت حککا کە پەیامی هاوبەشی ئێمە کۆمۆنستەکانی عیراقیش بووە بۆ کۆمەلگە و هیچ گۆرانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە بەرنامەی یەك دنیای باشتر و پلاتفۆرمیك کە لەلایەن حککا نووسراوە ئیستاش بەرنامەو پلاتفورمی حککع یشە، پلاتفورمی

حككع له بەرانبەر سیناریو یەکی رەشدا کە عیراقی پیدا تێ دەپەڕی له لایەن حمید تقوایی لیدەری حککا وە نووسراوەتەوە.
ئەم کۆنگرەیە کراوە و راگەینراو بوو بۆ کۆمەلگە،ماڤ بێ ئەم لاو و ئەو لای هەر کەسیك بوو کە ئارەزوومەندانە لەو کۆنگرەیەدا بەشدار ببێت، ئیمەش بە پێی بەندی سێی بنما ریکخراوەیەکانی حزبی کۆمۆنستی کریکاری کە (ئەندامەتی لە حزبدا سنوور و مەرج بۆ هیچ یەك لە مافە فەردی مەدەنیەکانی ئەندام دانانی)،بەشداری ئێمە لەو کۆنگرەیەدا پیچەوانەی بنما ریکخراوەیەکانمان نەبووە .
بەڵکو ئەوە مەکتەب سیاسی بوو کە حزبی کیش کرد بۆ پالپشتی باڵی راستی جیابووە لە حککا و لە حککا_حکمەتی زیاتر رۆیشتن و بانگەوازی خەلکی ئیرانیان بۆ پەیوەست بوون بەم حزبەوە بانگە واز کرد ووتیان ئەمان نوینەرایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری دەکەن بە مانایەکی تر بانگەوازی ئینحلالی حککا یان کرد.وە بەم کارەیان میژووی زیاتر لە دەسالی کۆمۆنزمی کریکاریان لە عیراق بردە ژیر پرسیارەوە ، حزبەکەیان لەبەردەم وەرچەرخانێکی خەتەرناکدا راگرت.
2.میژووی دەسالی رابردوو وە بگرە میژووی زیاتری لە 20 سالی رابردووی کۆمۆنستەکانی عیراق میژووی هاوخەباتی و هاوفکری پیکەوە کارکردن و فعالیەتی سیاسی بووە لە ژیر هەژموونی رابەرانی کۆمۆنیزمی کریکاری و بەتایبەت منصور حمکت دا ، هەر تەرەڤ بیەویت ئەم مێژووە لە شەو رۆژیکدا بشێوینی بەلایەکی کەیدا ببات زۆر قورس لەسەری تەواو دەبێت .
ئێمە هیچ کاتێك سنووری تەشکیلاتی لە نیوانماندا ئەوەندە ئەستوور نەبووە نەتوانین ئەندامی ئورگان و دام دەزگاکانی هەردوو حزبەکە ببین، ئێمە هەریەکەمان چەندان پۆستی جیاجیامان لە حککا دا لە چەند سالێ رابردوودا وەرگرتووە و هەتا کەم جاریش بووە پرس بە رابەرایەتی بکەین کەسیش بۆی پرسیار نەبووە.
خۆ هەلبژاردنی ئیمە بۆ کۆمیتە مەرکەزی حککا جیگا ئیفتخارەو متمانەدانی دەیان ئینسانی کۆمۆنست و تیکۆشەرە بە ئیمە، سەلماندنی سونەتەکانی مەنسووری حکمەتەو ریگە نادەین لەژیر هیچ بروبیانوویکدا ئەم حەقیقەتانە ببرێنە ژیر پرسیارەوە و بریارمان داوە ئالای منصور حکمت بەرز راگرین بە متمانەی ئەو هاوریيانش وەفادار ببین .
حککا لە چیدا "مووخالفی" حککعە ئایە بەرنامەکەیان جیاوازە، تاکتیکیان جیاوازە ، لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق پلاتفورمیان جیایە ، رابەرایەتی حککع دەبی وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، دەنا چۆن 180دەرەجە شفتی کرد، پێی دەڵی حزبی" موخالف". رابەرایەتی حککع بە پالپشتی لە کۆرشی مودەرسی و تەرحە راسترەوەکانی جوەتە لای راستی بزووتنەوەکە و لەوێدا قەراری گرتووە، ئەمە رەخنەی سیاسیە و بانگەوازی هەلوەشانەوەی حزبی عیراق نیيە. ئەمە

بنەمای خلافاتی سیاسی ئیمەو رابەرایەتیـیە ، زید ئەم قسەیەی کردبێت یا عمر ئەمە جەوهری و هەویەتیە لەم کیشمە کیشەدا .

3." فراکسیون " کتلەیەکی سیاسیـیە ، مەحفەل نیـیە ، هەر بۆیە ئێمە خستمانە ناو کۆمەلگەوە، خەتی سیاسی و ئایندەی بزووتنەوەیەکی سیاسییە تەنها بە من و تۆ و ئەمجەد و ریبوارەوە پەیوەست نابیتەوە، بۆیە دەبووایە کۆمەلگەی لیٚ ئاگاداربکەینەوە .باشترین شوین بۆ ئەم کارە منبەریکی کۆمۆنزمی کریکاریێمان هەلبژارد، لە حەساس ترین کات و ساتی دیاریکراودا ، ئەی ئەگەر BBC یان CNN مان هەلبژاردایە باشتر بوو یان رۆژنامەی زمان یان رادیو سەوا .

لەهیچ بەندیکی ئەساسنامەیی ئەمەی بە مەوازین شکاندن دانەناوە، منصوریش فراکسیونەکەی خۆی بە ئاشکرا راگەیاند، کەسیش نەیووت با لەدەروونی حزبدا کارەکانی خۆی بکات بەحسەکانی خۆی مەترەح بکات.

4. نەك" دەرفەتی گونجاو "لەناو حزبدا نەرەخسا بۆ بەحس و جەدەلی سیاسی بەلکو فەزایەکی ناسالم پیادە کراو ، لە جیاتی بردنە سەرەوەی ئاگای و بە ئیتلاع گەیاندنی بەحسە سیاسیەکان، کەمپینی دەرکردنی موخالفین بەریخرا .لە کاتیکدا دەبووایە فراکسیونی بەرسمی بناسیایە و حقوقەکانی جیٚبەجی بکردایە .

لەراستیدا لەجیاتی چاکرنەوەی هەلویستی راستڕەوانەی ، رابەرایەتی سەرکوتی موخالفینی وەك سونەتیك گیانی کرد بەبەردا و هەنگاویێکی تر لە سوونەتەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری دوور کەوتەوە . وە پیٚی وایە دەتوانیت بەم کارەی بەری رۆژ بە بیژنگ بگریت.

بژی کۆمۆنزمی کریێکاری

بژی منصور حکمت

**خبات مجید**

**ستاری چیمەنتۆ**

**سمیر نوری**

2004\10\5